کاتێک پیاوێک بەسەر ڕێگایەکدا ڕێی دەکرد؛ لقێک (داری) دڕکی بینی لەسەر ڕێگاکەدا، و لەسەر ڕێگاکە لایدا؛ بۆیە خوای گەورە سوپاسی کرد ولێی خۆشبوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک پیاوێک بەسەر ڕێگایەکدا ڕێی دەکرد؛ لقێک (داری) دڕکی بینی لەسەر ڕێگاکەدا، و لەسەر ڕێگاکە لایدا؛ بۆیە خوای گەورە سوپاسی کرد ولێی خۆشبوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پیاوێك کاتێك ڕێی دەکرد بە لای لقە دارێکی دڕکدا تێپەڕی لەسەر ڕێگا وئازاری مسوڵمانانی دەدا، ئەم پیاوە دارەکەی دوورخستەوە و لەسەر ڕێگاکە لایبرد، بۆیە خوای گەورە لەسەر ئەم کارە سوپاسی کرد ولێی خۆش بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6469